# عـــــيراق

## سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF)
## بەخشینی بچوکی ڕێکخراوی ناحکومی

ئـــابی 2008
پەخشـــنامەی ژمارە 11

**سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF): سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی عیراق بە ئامانجی یارمەتی دانی پڕکردنەوەی بۆشایی مرۆڤایەتی هەرە گرنگە لە نێوان کەرتە جیاجیاکان لە ڕێگای پارەبەخشینی سانای ئامادەی بەردەست بۆ بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ. ئەوپەڕی بەخشین 400,000 دۆلارە.**

**بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی (NGO): بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی بڕی پارەی کەم دابین دەکات بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی کتـوپڕی بەدەنگـەوەهاتن و مەبەست بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومیە عیراقیەکان. ئەوپەڕی بەخشین 50,000 دۆلارە.**

## 1. زانیاری تازەی کردەنی:

### أ- سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

**پرۆژە و باری دارایی:**

سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF سەرجەمی 55 پێشنیاری پرۆژە/ داواکاری پارە بەخشینی وەرگرتووە لەوەتی مانگی ئابی 2007 تا کۆتایی مانگی ئابی 2008. لەوانە، 16 پێشنیار لە لایەن ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی پێشکەش کراوە و 39 لە لایەن ڕێکخراوی ناحکومی عیراقی.

لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) سەر بە ERF 41 داواکاری پارەبەخشینی پەسەند کرد لە سەرجەمی 55 پێشنیاری پرۆژە کە پێشکەش کراوە. بیست لەو پرۆژانەی پارەیان پێدراوە تەواوکراون، و بیست و یەکیش لەژێر جێبەجێکردن دایە. سەرجەمی تێچووی 41 پرۆژەکەی پارەی پێدراوە 6,807,879 دۆلارە.

هەروەها دە پرۆژەی تر بە گوژمەی گشتی نزیکەی 1,504,409 دۆلار ئێستا لە ژێر پێداچوونەوە دایە. لە دواییدا، چوار پرۆژە ڕەتکراوە لە لایەن لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC). شی کردنەوەیەکی پرۆژەکانی پارەی پێ بەخشراوە و شوێنەکانی تیایدا جێبەجێکراوە یا جێبەجێ دەکرێت لە خوارەوە روون کراوەتەوە.

هاوبەشەکانی ئێستا پرۆژە بەردەوامەکانی لە لایەن ERF گوژمەی بۆ دابین کراوە جێبەجێ دەکەن بریتین لە: پەیمانگای کۆمەڵگای مەدەنی عیراقی، کۆمەڵەی خۆشەویستی و ئاشتی، گرووپی دیموکراسی عیراقی ئافرەتان، دەزگای مرۆڤایەتی مەعموره، و ڕێکخراوی تۆدیا Today.

**باری 55 پێشنیاری پرۆژەی پێشکەشکراو:**




**ناوەرۆك:**

1-زانیاری تازەی کردەنی
أ- سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF)
ب- بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی
2. سەرنجێکی گشتی مرۆڤایەتی
3. زانیاری تازەی دەربارەی پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتوو

**بەخشینەکـــان بە ســـندووقی فـــراوانی بەدەنگەوەهـــاتنی مرۆڤایەتی ERF:**

سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF سەرجەمی 7,580,879 دۆلاری وەرگرت وەك بەخشین لەوەتی ئابی 2008 (لە سەدا سێی ئەم پارە تەرخان کراوە بۆ بەڕێوەبردنی سندووق). هەروەها بەخشینی 20ملیۆن دۆلار پەسەندکرا لە 7ی تەمموز لە لایەن دەزگای سندووقی ئاوەدانکردنەوەی نێودەوڵەتی (IRFFI) لە سندووقی متمانەی عیراقی (ITF) بۆ سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF و پارە ناردنەکە بۆ سندووق ئێستا لەژێر جێبەجێکردن دایە. تازەترین بەخشین بە بڕی 446,428,57 دۆلار وەرگیرا لە ئیرلەندا لە مانگی ئاب.

بالانسی ERF: 773,000 دۆلارە



بڕی بەخشینەکان بۆ پرۆژەکانی ERF: 6,807,879 دۆلارە

## بەهێزکردنی ERF:

دوای دوا هەڵسەنگاندنی دەرەکی ERF، نووسینگەی ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی OCHA هەنگاوی بەرجەستە دەنێت بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی هەڵسەنگاندنەکە تا ERF زیاتر کاریگەر و پێشبینی کراو و خێراتر بێت. لەم میانەوە، پێداچوونەوەیەکی گشتی ڕێنمایی و هەنگاوەکانی ئێستا ئەنجام دەدرێت و توانای کارمەندانی دیاری کراو زیادکرا بۆ بەهێزکردنی سەرجەم بەڕێوەبردنی سندووق. لەمەش زیاتر، لێژنەیەکی پێداچوونەوەی تەکنیکی تازە پێك دەهێنرێت و هەوڵ و کۆشش بۆ زامنکردنی پڕکردنەوەی زیاتری سندووق دووقات دەبێت، لەوانە بڕی 20 ملیۆن دۆلارەکە (کە بەشێك لە سوودی کۆبۆوە دەنوێنێت) لە سندووقی متمانەی ع تەکنیکی تازە پێك دەهێنرێت و هەوڵ و کۆشش بۆ زامنکردنی پڕکردنەوەی زیاتری سندووق دووقات دەبێت، لەوانە بڕی 20 ملیۆن دۆلارەکە (کە بەشێك لە سوودی کۆبۆوە دەنوێنێت) لە سندووقی متمانەی عیراق.




خشتەی 1 : پرۆژە بەردەوامەکان کە لە لایەن ERF گوژمەی بۆ دابین دەکرێت

| پارێزگا | کەرت/ چالاکیەکان |
|---|---|
| گشت عێراق | هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکان |
| ناوچەکانی شەڕوپێکدادان | ژوورەکانی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکان لە ناوچەکانی شەڕوپێکدادان تا یارمەتی کەل و پەلی پزیشکی بۆ دابین بکرێت بەمەبەستی سوودگەیاندن بە 25,100 نەخۆش. |
| واسیت | یارمەتی دانی 480 کەسی پەککەوتە بە دابین کردنی ئامێری تایبەت بە ئێسقان و شکان و یا ناردنیان بۆ کوردستان بۆ زیاتر چارەسەرکردن.<br>نۆرێنگەیەکی گوێزراوە بۆ دابینکردنی یارمەتی پزیشکی بۆ 5000 نەخۆش |
| بابل | دابین کردنی ئامێری تایبەت بە ئێسقان و شکان بۆ 960 کەسی پەککەوتە و یا ناردنیان بۆ کوردستان بۆ زیاتر چارەسەرکردن.<br>دابەشکردنی خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی بۆ 800 بێوەژن |
| کەربەلا | دابین کردنی ئامێری تایبەت بە ئێسقان و شکان بۆ 360 کەسی پەککەوتە و یا ناردنیان بۆ کوردستان بۆ زیاتر چارەسەرکردن. |
| ئەنبار | سوودوەرگرتنی 720 کەسی پەککەوتە لە ئامێری تایبەت بە ئێسقان و شکان، و یا ناردنیان بۆ کوردستان بۆ چاودێری پزیشکی زیاتر.<br>بەخشینی خۆراك و کەل وپەلی ناخۆراکی بە 1800 تاك |
| بەغدا | دابین کردنی خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی بۆ 34,214 تاك، لەوانە 314 لە ماڵەکان بۆ بەساڵاچووان<br>پێدانی کەل و پەلی خۆراکی بە 19,140 کەسی زیان پێگەیشتوو<br>دابین کردنی کەل و پەل بۆ بنکەیەکی تەندروستی تا خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ 9000 نەخۆش پێشکەش بکات |
| هەولێر | دابەشکردنی کەل و پەلی ناخۆراکی بۆ 12,000 کەس |
| بەسرە | دابەشکردنی خۆراك بەسەر 3,600 کەسی خۆراك دەستەبەرنین<br>گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ 4320 کەس |
| زی قار | گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ 6000 کەس<br>دابین کردنی خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی بۆ 6000 کەس |
| سلێمانی | دابین کردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ 1260 نەخۆش |
| دیالە | دابەشکردنی خۆراك و کەل و پەلی تاخۆراکی بۆ 900 کەس<br>گەیاندنی خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ 2100 نەخۆش |
| میسان | دابەشکردنی خۆراك و کەل و پەلی تاخۆراکی بۆ 6000 کەسی زیان پێگەیشتوو<br>دابین کردنی ئاوی سازی تەواو بۆ 12000 کەس لە ڕێگای دانانی یەکەیەکی پێتێپەڕبوونی پێچەوانەیی تواناکەی 4000لیتر/کاتژمێرە، و سیستەمێکی پاڵاوتن، و چوار تانکی ئاو قەبارەی هەر یەکێکیان 5000 لیترە. |
| نەینەوا | دانانی عەمباری ئاو بۆ دەستەبەری دابین کردنی ئاوی تەواو بۆ 35,562 کەس |



نوسینگەی ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی
سندوقی پۆستە 941655, عیراق UN OCHA, تەلەفۆن: (0962) 6 553 4971, فاکس: (0962) 6 553 4972 . ochairaq@un.org . www.ochairaq.org




**نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ رێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی**

دانراوە لەلایەن OCHA (ئابی 2008)

تێبینی: سنوور و ناوەکانی نیشاندراوەو بەکارهێنراوە لەم نەخشەیە دان پیانانی فەرمی یا پەسەندکردنی‌نەتەوە یەکگرتووەکان نانوێنێت

## چیرۆکی کارە سەرکەوتووەکان – پرۆژە بەردەوامەکان :

پریمییر ئێرجێنس پرۆژەیەك جێبەجێدەكات بۆ یارمەتی ژوورەکانی فریاکەوتنی نەخۆشخانە و بنکە پزیشکیەکان لە ناوچەکانی شەڕوپێکدادان. ئامانجی پرۆژەکە دابین کردنی یارمەتی پزیشکی یە بۆ قوربانیە عیراقیەکانی توندوتیژی و شەڕی چەکداری لە پارێزگا جیاجیاکانی عیراق. پریمییر ئێرجێنس کار دەکات بۆ پتەوکردنی توانای پزیشکی بەشەکانی فریاکەوتن و ژوورەکانی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەکان بۆ دابین کردنی فریاگوزاری پزیشکی لە کاتەکانی تەنگوچەڵەمە.

بەدەنگەوەهاتنی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراو لە شوێنێکی پڕ خەڵك نزیك دادگای بەلەد لە 15 ی ئاب نیشانەیەك لەسەر توانای ئەم پرۆژەیە، کە لە مانگی حوزەیران دەستی پێکرد. پێنج کەس کوژران و 57 ی تر بریندارن بوون لە تەقینەوەکە. بریندارەکان لە نەخۆشخانەی گشتی بەلەد چارەسەرکران کە خزمەت بە رووبەرێکی فراوان دەگەیەنێت تەنانەت قەزاکانی دەوروبەریشی.


سندوقی پۆستە 941655, عیراق UN OCHA, تەلەفۆن: 4971 553 6 (0962), فاکس: 4972 553 6 (0962) . www.ochairaq.org . ochairaq@un.org

نەخۆشخانەکە داوای یارمەتی کرد لەبەر زیادبوونی ژمارەی نەخۆشەکان، سەرەڕای ئەو نەخۆشانەی لە قەزاکانی دەوروبەری دێن وەك سامەڕا و تارمیە کە بەردەوام دووچاری بارودۆخی ئەمنی خراپ دەبن.
دوای داواکارییەکە، پریمێر ئێرجێنس هەڵستا بە دابەشکردنی کەل و پەلی بەکارهێنانی پزیشکی بۆ پڕکردنەوەی عەمباری دەرمانی نەخۆشخانە لە 19ی ئابی 2008.

داگرتنی کەل و پەلی بەکارهێنانی پزیشکی لە نەخۆشخانەی بەلەد لەلایەن پریمێر ئێرجێنس



## پڕۆژەکانی ئەنجامدراوە بەهۆی گوژمەدانی ERF لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕا پۆرتە :

کۆمەڵەی خێرخوازی چاودێری کردن و چاکسازی منداڵانی عیراق CSCRIC پڕۆژەیەکی جێبەجێکرد کە خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی بۆ 600 خێزانی راگوێزراوی ناوخۆیی دابین کرد لە ناوچەکانی شەعب و حوسەینییە و راشدییە و ئوم خوبەر و غزلان و سوەینی و ئور لە بەغدا.
لە نێوان ئەو خێزانانە، کۆمەڵەکە 180 بێوەژنی دەستنیشان کرد کە خێزانەکانیان بەڕێوەدەبن. بێوەژنە زیان پێگەیشتووەکان لە بارودۆخێکی زۆر سەخت دەژین – لە خانووی قوڕ نیشتەجێنە لە ناوچە دوورەکان و لە ژێر هێڵی هەژارین. پڕۆژەکە بۆ هەر خێزانێك بەشە خۆراکی یەك مانگی بەخشی کە بریتی یە لە سەبەتەیکی خۆراك بە کەمترین رادەی پێویستی 2,100 کالۆری بۆ هەر تاکیك رۆژانە. هەروەها خێزانە سوودمەندەکان بەتانیە و دۆشەك و سندووقی تەندروستی و زۆپای نەوتی و تانکی بۆ عەمبارکردنی نەوتیان پێ بەخشرا.

سوودمەندەکان یارمەتی مرۆڤایەتی وەردەگرن لەلایەن CSCRIC



خێزانەکان سوپاسگوزاری خۆیان دەربڕی بۆ کۆمەڵەکە و UNOCHA بۆ یارمەتی دانیان کە کاریگەرێکی ئەوتۆی دەبێت لەسەر ژیانی رۆژانەیان و سەربەرزییان.

رێکخراوی ئەلیوسر بۆ یارمەتی دان و چاکسازی ئافرەتان پڕۆژەیەکی جێبەجێکرد لە بابل کە هەڵسا بە بەخشینی خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی – سەبەتە و دۆشەك و بەتانیە و سندووقی تەندروستی و سندووقی ساردی – بۆ 800 بێوەژن.

سوودمەندانی ئەم پڕۆژە خەڵکی یەکێك لە سەختترین ناوچەکانی هەردەم لە تەقینەوەدایە و گەیشتنی زۆر سەختە لە بابل. دابین کردنی خزمەتگوزاریە سەرەکییەکان وەك فێرکردن و تەندروستی راگیراوە لە ناوچەکە. و سەختی لەرادەبەری دابین کردنی یارمەتی مرۆڤایەتی وادەگەیەنێت کە باری گوزەرانی دانیشتوانان، بە تایبەتی هی بێوەژن و منداڵان، ئێجگار خرا پتر بووە.

خانووی رووخاوی رەباب حوسێن/ بابل



رەباب حوسێن کە بێوەژنێکی تەمەن 58 ساڵانە یەکێکە لە سوودمەندەکان لەم پڕۆژە.رەباب سەرۆکی خێزانیکە کە لە 10 ئەندام پێك دێت، و زۆربەیان کچن. رەباب کوشتنی هاوسەر و کوڕی بینی، و تەرمەکانیان لە دەرەوەی خانووەکە جێ هێشترابوون بۆ ماوەی دە رۆژ لە ترسی ئەوەی بکوژرێن ئەگەر هاتوو چوونە دەرەوە و تەرمەکانیان هەڵگرتەوە. خانووەکەیان بە تەواوی رووخابوو تەنها یەك ژوور بەبێ پەنجەرە و کەل وپەلی ناو ماڵ. رەباب لەگەڵ خێزانەکەی دەژی کە لە تواناى دانیە یارمەتی بدات، لەبەر ئەوەی گشت سامانی لە دەست چوو و هیچ داهاتێکی نیە. زیاتر لەمەش، رەباب بەردەوام دووچاری مەترسی ئەوە دەبێت کە ئەشکەنجەدەرانی خێزانەکەی دەگەڕێنەوە، بۆیە پێویستە هەندێ جار لە ماڵەکەیان رابکەن بۆ سەلامەتی خێزانەکە.

رەباب یەکێکە لە ژمارەیەکی زۆری بێوەژنان کە خزمەتگوزاری و یارمەتی کۆمەڵایەتیان نیە لە ناوچەکە. رەباب سوپاسی رێکخراوی ئەلیوسری کرد بۆ نەبەردیان لە چوون بۆ ناوچەکە وێڕای باری ئاسایشی ترسناك.


نوسینگەی رێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی
سندوقی پۆستە 941655, عیراق UN OCHA, تەلەفۆن: 4971 553 6 (0962), فاکس : 4972 553 6 (0962) . www.ochairaq.org . ochairaq@un.org

رەباب حوسێن چیرۆكی خۆی بۆ رێكخراوی ئەلیوسر دەگێڕێتەوە




رێكخراوی رزگاری مرۆڤایەتی عیراقی (ISHO) پرۆژەیەكی ئاوی جێبەجێ كرد لە پارێزگاكانی زی قار و دیوانیە و بابل بۆ 120 خێزانی راگوێزراو لە رێگای دانانی یەكەی پێتپێپەڕبوونی پێچەوانەیی بە توانای 200 لیتر/رۆژ، بە تەواوی لەگەڵ بۆری دانان و تانكی عەمباركردنی ئاو. هەروەها یەكەی پێتپێپەڕبوونی پێچەوانەیی بە توانای 400 گاڵۆن/رۆژانە و تانكی ئاو دانرا لە دوانزە قوتابخانە و دوانزە نۆرینگەی تەندروستی گشتی.

پرۆژەكە هەروەها بریتی بوو لە بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری خێزانەكان لە بەكارهێنانی پراكتیكی و دڵنیا و بەردەوام بۆ ئامێر و كەل و پەلە دانراوەكان. رێكخراوی رزگاری مرۆڤایەتی عیراقی ISHO پارچەی یەدەگ و كەل و پەلی چاكسازی یەكەكانی بەخشی بە خێزانەكان.

تیمی ISHO یەكەی پێتپێپەڕبوونی پێچەوانەیی دادەنێت




مەریەم، كە یەكێكە لە سوودمەندەكان، كچێكی كەری تەمەن 22 ساڵانە – یەكێكە لە راگوێزراوەكانی لەگەڵ خێزانەكەی دەژیت لە ناوچەی سەدر/ زی قار. خێزانەكەی پێكهاتووە لە باوكێكی پەككەوتوو كە پێشتر فەرمانبەر بوو لە فەرمانگەی كارەبا و دایكی و شەش خوشك و برا. ئەم خێزانە راگوێزرا لە ناوچەی راشدیە لە بەغدا و خانوویەكی دروست كرد لەسەر موڵكێكی حكومی. ئەم خێزانە زۆر هەژارە و داهاتی بەردەوامی نیە بۆ یارمەتی دانی خێزانەكە.

مەریەم، كە زۆر باش دوورمان دەزانێ، تاكە بژێوی پەیداكەری خێزانەكەیە. و داهاتێكی كەمی دەست دەكەوێت بۆ پاڵپشتی كردنی خێزانەكەی كە لە 11 ئەندام پێك دێت.

پرۆژەی ERF یارمەتی گرنگی بەخشیوە بە خێزانەكە. دابین كردنی ئاوی خواردنەوە باری خێزانەكەی سووك كرد لە كڕینی ئاوی خواردنەوە.

رێكخراوی رزگاری مرۆڤایەتی عیراق (ISHO) ئامێرێكی دوورمانی نوێی بەخشی بە مەریەم لەگەڵ پێداویستیەكان و كەل و پەلی تر هەروەها مولیدەیەكی بچووكیش. مەریەم و خێزانەكەی سوپاسگوزاری خۆیان دەربڕی بۆ بەخشەرەكان و ISHO بەرامبەر بە یارمەتیەكان.

مریەم سوپاس گوزاری خۆی دەردەبڕێ



**چەند راستیەك دەربارەی سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتن ERF:**

- ERF هەڵدەستێت بە بەخشینی پارە بە شێوەیەكی خێرا بە رێكخراوە نیشتمانی و نیودەوڵەتیەكان بۆ پێ هەڵسان بە كاری مرۆڤایەتی دەستبەجێ لە عیراق بۆ كەمكردنەوەی كێشە و ئازاری هاوڵاتیان. ئەمەو مەبەستیERF بەدەنگەوەهاتنی كێشەی كۆمەڵایەتی درێژخایەن یا ئاوەدان كردنەوە یا هەر پێداویستەیەكی گەشەسەندنی درێژخایەنی تر نیە.
- ERF هەوڵدەدات پارە بۆ سندووقەكە دابین بكات لە رێگەی بەخشینی تازە لەسەر بنچینەیەكی خولاو. سندووقەكە بەلای زۆر 400,000 دۆلار و بەلای كەم 25,000 دۆلار دەبەخشێت بۆ هەر پرۆژەیەك.
- پارە بەخشینەكان بە ERF بە شێوەیەكی كۆكراوە و دیاری نەكراو رەفتاری لەگەڵ دەكرێت، واتە ناسنامەی بەخشەر وون دەبێت.
- لێژنەی پێداچوونەوەی تەكنیكی (TCR) بەشێكی تەواوكەری ERF ە كە پێكهاتووە لە رێكخراوی كۆچكردنی نێودەوڵەتی IOM سەر بە UN هەروەها نوێنەرانی رێكخراوە ناحكومیەكان و بەخشەرەكان.

*(بۆ ووردەكاری زیاتر، تكایە بڕوانە پەیڕەونامەی ERF، كە دەتوانن لە نووسینگەی رێكخستنی كاروباری **مرۆڤایەتی** OCHA نووسینگەی عیراق لە عەممان وەربیگرن).*



نوسینگەی رێكخستنی كاروباری مرۆڤایەتی
سندوقی پۆستە 941655, عیراق UN OCHA, تەلەفۆن: 4971 553 6 (0962), فاكس: 4972 553 6 (0962) . www.ochairaq.org . ochairaq@un.org

### ب. بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی

ئێستا باڵانسی سندووقی هاوبەشی بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی سفرە. کاتی ئێستا OCHA پێشنیاری تر وەرناگرێت لە ژێر ئەم بەخشینە تا کاتی وەرگرتنی پابەندێتی بە پارە بەخشینی زۆر پەیوست و بە پەلە.

### 5 ملیۆن دۆلاری سندووقی ناوەندی بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ (CERF) بۆ دابین کردنی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان لە عیراق

سندووقی ناوەندی بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ (CERF) بە نیازی بەخشینی 5 ملیۆن دۆلارە بۆ بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕی ژیان ڕزگارکەر لە عیراق دوای جێبەجێ کردنی هەنگاوەکانی پرۆسەی بەخشین. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچکردن (IOM) 2,3 ملیۆن دۆلاری پێ بەخشراوە بەمەبەستی فراوانکردنی یارمەتی ژیان ڕزگارکەر بۆ ئەو دانیشتوانانەی شەرو پێکدادان کاری تێکردوون لە بەسرە و بەغدا و دیالە و موسڵ و دهۆك و سلێمانی و هەولێر. هەروەها 2,7 ملیۆن دۆلاری تر بەخشراوە بە کۆمسیۆنی باڵای پەناهەندانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) بۆ دابین کردنی پەناگە و پێداویستی خێزانی بەپەلە بۆ دانیشتوانانی ڕاگوێزراو و گەڕاوەکان و پەناهەندەکان لە بەغدا و دیالە و نەجەف و موسەننا و زی قار و بەسرە.

## 2. سەرنجێکی گشتی مرۆڤایەتی

***سکچوون و کۆلێرای سەخت بەهۆی ئاووە***

حاڵەتی پەیدابوونی سکچوونی سەخت بەهۆی ئاووە لە وولات لە سەرەتای مانگی ئاب وای کرد پێداچوونەوەیەکی نووسینگەی وولاتی و هەرێمی بۆ زانیاری چاودێری کردن ئەنجام بدرێت لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO و وەزارەتی تەندروستی.

بەشێوەیەکی جیاجیا 7 حاڵەتی کۆلێرا دووپات کرا و نزیکەی 100 حاڵەتی گومانلێکراو هەبوو لە هەشت مانگی یەکەمی 2008. زۆر لە حاڵەتە گومانلێکراوەکان لە بەغدا و میسان ڕاگەیندرا. کولێرا نەخۆشیەکی چەسپاوە لە عیراق بە ڕێژەی 600 حاڵەت ساڵانە. یەکێك لە حەوت حاڵەتەکە حاڵەتێکی مردنی لێکەوتەوە لە میسان. پێنج کەسی تریش گیانیان لەدەستدا، جا یا نموونەی پیسابیان وەرنەگیرا بوو یا ئەنجامەکەی نەرێی بوو لەهەردوو تاقیگەکانی تەندروستی گشتی ناوەندی و ناوچەیی. دەسەڵاتدارە تەندروستیەکان لە عیراق بە نیازن سیستەمەکانی چاودێری کردن و دەستنیشان کردنی حاڵەتەکان پتەوبکەن دوای ئەو حاڵەتانەی ئەم دواییە و ئەگەری بەرپابوونی فراوانتر.

***ستراتیژیەتی یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق 2008- 2010***

نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراق ستراتیژیەتی یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق 2008-2010 ئیمزا کرد لە 13 ی ئابدا. ئەم ستراتیژیەتە ڕێبازێکی گشتگر پێشکەش دەکات بۆ ژمارەیەکی بێ سنووری بەرەنگاریەکانی گەشە پێدان و ئاوەدانکردنەوە و فریاکەوتن کە ڕووبەڕووی وولات دەبێت و چۆن نەتەوە یەکگرتووەکان شان بەشانی حکومەت کار دەکات بۆ چارەسەرکردنیان. ستراتیژیەتەکە پلان دەخاتەڕوو بۆ دابین کردنی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان، لەوانە باشترکردن لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی سەرەکی و پاراستن بۆ گرووپە زیان پێگەیشتووەکان. ستراتیژیەتەکە پارەی بۆ دابین دەکرێت لە ڕێگای یارمەتی دەرەکی کە ئاراستە دەکرێت لە ڕێگای سندووقی ئاوەدانکردنەوەی نێودەوڵەتی بۆ عیراق (IRFFI) و حکومەتی عیراق و بانگەوازێکی مرۆڤایەتی.

***ئۆپەڕاسیۆنی ئەمنی لە دیالە***

ئۆپەڕاسیۆنی ئەمنی پارێزگای دیالە بەردەوام بوو لە مانگی ئاب بە کاریگەرێکی مرۆڤایەتی سنووردار. ئۆپەڕاسیۆنەکە ڕاگیرا بۆ ماوەی هەفتەیەك لە 11ی ئاب تا دەرفەتێك ببەخشن بە میلیشیەکان تا چەکەکانیان دابنێن بەرامبەر بە لێبوردن. ناوچەی ئۆپەڕاسیۆنەکە گوێزرایەوە بۆ خانەقین لە دوا هەفتەکانی مانگدا لە هەوڵی هێزەکانی حکومەت بۆ گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیالە کە چەند بەشێکی بۆتە ناوچەی ناکۆکی. هەرچەندە ژمارەی تەواو بەردەست نیە، بەڵام زۆر لە خێزانە ڕاگوێزراوەکان گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان لە پارێزگاکە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەڕاسیۆنەکە لە 29 ی تەمموز. زۆری گەڕاوەکان پێویستیان بە یارمەتی مرۆڤایەتی هەیە لەبەر ئەوەی بەشە خۆراکی سیستەمی دابەشکردنی گشتی وەرناگرن و ماڵەکانیان تاڵان کراوە یان ڕووخاوە.

### پێداویستیە پێشینەییەکانی خەڵکی ڕاگوێزراوی ناوخۆیی

زۆر لە خەڵکی ڕاگوێزراوی ناوخۆیی عیراق دووچاری هەڕەشەی ڕاستەقینەی ڕاگوێزرانی لاوەکی دەبن بەهۆی دەرکردنیان لە بینایە گشتیەکان و خراپبوونی باری گوزەرانیان. خەڵکی ڕاگوێزراوی ناوخۆیی لە عیراق بەردەوام دووچاری گەیشتنی کەم بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان دەبن وەك پەناگە، و خۆراك، و چاودێری تەندروستی، و ئاو، و مەترسیەکانی بەردەوامی پاراستن.

لێکۆڵینەوەیەکی ئەم دواییەی وەزارەتی ڕاگوێزران و کۆچ کردن ئاماژە دەکات کە لەو 212,063 خێزانی ڕاگوێزراو لە عیراق، لەسەدا 43 هی بەغدان. لە هەوڵێك بۆ بەرەوپێدان و ئاسانکردنی گەڕانەوەی خەڵکی ڕاگوێزراو بۆ پایتەخت و بەشەکانی تری وولات، سەرۆك وەزیران بڕیاری ژمارە 101/س لە 2 ی ئابی 2008 دەرکرد. بڕیارەکە داوا لەو خەڵکانە دەکات کە بەشێوەیەکی نایاسایی بینایەی نیشتەجێ بوون و حکومیان داگیرکردووە لە بەغدا بە خۆویستی چۆڵی بکەن لە ماوەی یەك مانگدا، ئەگەر نا ئەوا بە زۆر دەردەکرێن. بڕیاری ژمارە 101/س بەدواداچوونێکە بۆ بڕیاری ژمارە 83/س کە سزا دەسەپێنێت بەسەر داگیرکردنی نایاسایی موڵکی تایبەت، کە خانووش دەگرێتەوە.

ئەم بڕیارەی تازە دەبێت جێبەجێ بکرێت لەلایەن وەزارەتی ڕاگوێزران و کۆچ کردن و وەزارەتی داد و لیژنەی ئاشت بوونەوە و دەسەڵاتدارەکانی پارێزگای بەغدا و فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنی بەغدا، و بڕیارەکە وردە وردە لە سەرتا پای وولاتدا کاریگەر دەکرێت. حکومەتی ناوەندی کاتی کاریگەرکردنی بڕیارەکە لە پارێزگاکانی تر دەداتە دەست دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان. لە بەغدا دوو ناوەندی ئۆپەڕاسیۆن دامەزرا لە ڕەسافە و کەرخ بۆ ئۆپەڕاسیۆنەکانی لیژنە باڵاکانی خەڵکی ڕاگوێزراو و ئاشت بوونەوە. ئەو کەسانەی بەرهەڵستی چۆڵ کردن بکەن دووچاری دەستگیربوون دەبن، و تۆمەتبار دەکرێن و بەند دەکرێن بۆ ماوەی 3 – 10 ساڵ.

دوو سەد و دە خێزانی ڕاگوێزراو دەرکران لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی عیراق لە کۆمەڵگای ئەلسەلام لە قەزای کەرخ لە بەغدا لە ناوەڕاستی مانگی ئاب.



نوسینگەی ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی
سندوقی پۆستە 941655, عیراق UN OCHA, تەلەفۆن: 4971 553 6 (0962), فاکس : 4972 553 6 (0962) . www.ochairaq.org . ochairaq@un.org

ئەگەرچی هەندێ خێزان قەرەبوو کرانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە، بەڵام چەکی قەرەبووکردنەوەی ئەوانی تر لەلایەن بانکەکانەوە رەت کراوە.[1]

وا هەڵسەنگێنراوە کە 70٪ ی بینایە گشتیەکانی نایاساییانە داگیرکراون لە لایەن میلیشیەکانەوە داگیرکراون. بەپێی UNHCR، ئەم کردارە رەنگە گەڕانەوەکان زیاد بکات لە گەڵ کاتدا و لەدوای ئەمەش خەڵکی راگوێزراو بەپەرۆش دەبن لە بڕیاردان کە کەی بگەڕێنەوە. دەسەڵاتدارە عیراقیەکان رادەگەینن کە هەندێ خێزان گەڕاونەتەوە بۆ گەڕەکەکانی عەدل و جەمعیە لە بەغدا.

لە پلانی حکومەتە کە بڕی یەك ملیۆن دیناری عیراقی (833 دۆلار) بە یەکجار ببەخشێت بە هەر خێزانێکی گەڕاوە. هەروەها حکومەت بەڵینی دا بە بەخشینی کرێی شەش مانگ وەك یارمەتی (300,000 دیناری عیراقی بۆ هەر مانگێك) بۆ خەڵکە راگوێزراوە زیان پێگەیشتووەکانی ناتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان یا شوێنی بنچینەییان.

لە کەرکوك، ناکۆکی رەگەزی لەسەر باری شارەکە و یاسای هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکە کە ناکۆکی لەسەرە راگوێزرانی سەدان خێزانی لێ کەوتەوە. گشت کۆمەڵگاکان (عەرەب و کورد و تورکمان) زیانیان پێگەیشتووە. زۆر لە خەڵکی راگوێزراو دووچاری کرێی زۆر و زیادبوو دەبن، و کەمی گەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان و بێ ئیشی.[2]

## 3. زانیاری تازەی دەربارەی پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتوو

بانگەوازی یەکگرتووی 2009 بۆ عیراق، کە لە ژێر ئامادەکردن دایە، کۆڵەکەیەکی عیراقی و هەرێمی پێك دەهێنێت بۆ بەدیهێنانی بەدەنگەوەهاتنێکی گشتگرتر بۆ راگوێزران لە ناو عیراقدا و بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێداویستیەکانی پەناهەندە عیراقیەکان لە ناوچەکە. کۆڵەکەی 1 و 2 لەلایەن رێکخەری مرۆڤایەتی و UNHCR یەك لەدوای یەك بەڕێوەدەچێت. پلان دادەنرێت کە کۆڕی کۆڵەکە 1 لە 24-25 ی ئەیلول بێت.

بانگەوازی یەکگرتووی عیراق 2008 ئێستا پاڵپشتی دەکرێت لە لایەن عیراق و وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و سوید و ژاپۆن و ئوسترالیا و نەرویژ و کەنەدا و ئەڵمانیا و فینلەندا و کوێت و کۆمسیۆنی ئەوروپی (ECHO) و سویسرا و ئیتالیا و فەرەنسا و میرنشینە عەرەبیە یەکگرتووەکان و ئیرلەندا و دانیمارك و ئەستۆنیا و هۆڵەندا و کۆماری چیك، لە گەڵ بەخشەرانی تایبەت و بەخشەرانی جۆراوجۆری تر لە رێگای سندووقی ناوەندی بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ (CERF) و سندووقی متمانەی عیراق (ITF) و تەرخان کردنی پارەی دیاری نەکراو لە لایەن ئاژانسەکانی UN.

### تەنگوچەڵەمەی مرۆڤایەتی لە عیراق

### راستی و ئامارە سەرەکیەکان دەربارەی خەڵکی راگوێزراوی ناوخۆیی

- زیاتر لە سەدا پێنجی عیراقیان راگوێزراون لە ناو عیراق، کە دەکاتە نزیکەی 2,8 ملیۆن کەس. لەم 2,8 ملیۆن راگوێزراوە، 1,2 ملیۆن راگوێزران بەر لە 2006 و نزیکەی 1,6 راگوێزران لە 2006 تا 2008.
- ئەوپەڕی راگوێزران لە نێوان حوزەیران و ئەیلولی 2006 بوو، کەمتر لە سەدا یەك لە 2008 راگوێزران. ئێستا راگوێزرانی نوێ کەمتر روودەدات سەرەڕای بەردەوام بوونی راگوێزرانی عیراقیان بەهۆی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکان لە شاری سەدر و بەسرە و بەدرێژایی سنوور لەگەڵ ئێران و تورکیا.
- ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکان لە شاری سەدر بووە هۆی راگوێزرانی نزیکەی 4000 خێزان کە زۆربەیان گەڕانەوە. لە ماوەی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکان لە بەسرە و موسڵ و عیمارە تەنها راگوێزرانێکی سنووردار هەبوو. هەروەها هیچ راپۆرتێك نیە سەبارەت بە راگوێزران لە ماوەی ئۆپەڕاسیۆنی ئەمنی بەردەوام لە دیالە، کە لە 29ی تەمموزی 2008 دەستی پێکرد.
- باری ئەمنی و ماددی مەیدانی لە عیراق باش بوونی بەخۆوە نەدیوە بەشێوەیەکی تەواو تا هانی گەڕانەوەی پەناهەندە و خەڵکە راگوێزراوەکان بدات.
- گەڕاوەکان زۆربەیان دەگەڕێنەوە گەڕەك و قەزا و پارێزگاکانی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەندامانی تایفەکەیانن. تا ئێستا، تەنها ژمارەیەك کەم لە خێزانان گەڕاونەتەوە ئەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی تایفەکی ترن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر کەم لە گرووپە کەمایەتیەکان (بۆ نموونە مەسیحی و سابئە مەندائیەکان و ئێزیدیەکان) راگەیندراوە کە لە نێوان گەڕاوەکان.
- دابین کردنی داهات/ کار بەردەوام باسی لێ دەکرێت وەك پێشینەیەك بۆ خەڵکی راگوێزراو لە عیراق، سەرباری خۆراك و پەناگە.
- زۆرینەی خەڵکی راگوێزراو سیستەمی دابەشکردنی گشتی بە سەرچاوەی سەرەکی خۆراکیان دادەنێنن، هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی راگوێزراو ناگەن بە سیستەمی دابەشکردنی گشتی یا گەیشتنەکە سنووردارە بەهۆی دواکەوتن لە گواستنەوەی پسوولەی بەشە خۆراك یان لەبەر ئەوەی شیاو نین بۆ تۆمارکردن لە ناوچەی راگوێزرانیان.
- هەروەها بۆ پەناهەندان و راگوێزراوان، دەست کەوتنی خۆراك بەربەست کراوە بەهۆی نەبوونی داهاتی خێزانی و نەبوونی ئاسایش کە دەبێتە هۆی بەربەست کردنی گەیشتن بۆ بازاڕەکان بۆ دابینکەران و کڕیاران. هەروەها داخستنی رێگاو گەڕەکەکان، و خاڵەکانی پشکنین، و هاتووچۆ قەدەغەکردن، و هێرشە سەربازییەکان بەربەستی گەیشتن بۆ بازاڕەکان دەکات.
- بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و کرێی خانوو و خۆراك و رێژە بەرزەکانی بێ ئیشی بۆتە هۆی خراپبوونی بارودۆخی خەڵکی راگوێزراو (و کۆمەڵگا میوانداره‌کان) لە سەرانسەری وڵاتدا. بێ گومان دەستکەوتنی کار بۆ ئافرەت و بێوەژنان تەنانەت سەخت ترە، بە تایبەتی لە ناوچە هەرە پارێزەرەکان.
- بەدرێژایی چەند مانگی رابردوو، رێکخراوە مرۆڤایەتیەکان تێبینی مەترسی دەرکردنی خەڵکی راگوێزراویان کرد کە لە بینایە گشتیەکان دەژین یا لە بینایەکانی دروست کراون بەشێوەیەکی نایاسایی لەسەر زەویە گشتیەکان. تا ئێستا تەنها ژمارەیەکی کەم لە دەرکردن روویداوە، بەڵام مەترسی راگوێزرانی لاوەکی خەڵکی راگوێزراو کە پەنایان بردۆتە ئەم بینایانە هەر بەردەوامە.

(سەرچاوەکان: گرووپی کاری خەڵکی راگوێزراوی ناوخۆیی، UNAMI، IOM، وەزارەتی راگوێزران و کۆچ کردن)

[1] هەڵسەنگاندنی پێداویستیە بە پەلەکانی IOM – راپۆرتی مانگانەی 1 ی ئەیلولی 2008، لاپەڕە 6.
[2] هەڵسەنگاندنی پێداویستیە بە پەلەکانی IOM – راپۆرتی مانگانەی 1 ی ئەیلولی 2008.


سندوقی پۆستە 941655, عیراق UN OCHA, تەلەفۆن: 4971 553 6 (0962), فاکس: 4972 553 6 (0962) . www.ochairaq.org . ochairaq@un.org

## پارە بەخشین بە ERF:

لە بانگـەوازی یـەکگرتووی عـێراق 2008، OCHA بـڕی 20 ملیـۆن دۆلاری داواکرد بۆ پڕکردنـەوەی سـندووقی بەدەنگـەوەهاتنی کتـوپڕ ERF. لـەوەتی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی کتوپڕی هاوبەش، بەخشینەکان درا لە لایـەن نەرویـژ (784,314) دۆلار، و کەنـــەدا (492,756) دۆلار، و بـەریتانیا (1,98) ملیۆن دۆلار، و ئیرلەنـدا (446,428,57) دۆلار، هـەروەها لـە بەخـشەرانی جۆراوجـۆری تـر لـە ڕێگـای CERF (1,6) ملیـۆن دۆلار. سـندووقی ئاوەدانکردنەوەی نێودەوڵەتی عێراق (IRFFI) تەرخان کردنی 20 ملیۆن دۆلاری بۆ ERF پەسەند کرد، پرۆسەی ناردنی پارەکە بەردەوامە.

| پارەدان بە پێی کەرت | |
|---|---|
| کشتوکاڵ/دەستەبەری خۆراک | 1,5 ملیۆن دۆلار (18٪) |
| خزمەتگوزاریەکانی ڕێکختن و پاڵپشتی کردن | 5,5 ملیۆن دۆلار (80٪) |
| فێرکردن | 4,6 ملیۆن دۆلار (23٪) |
| خۆراک | 79 ملیۆن دۆلار (79٪) |
| تەندروستی و خۆراك پێدان | 4,9 ملیۆن دۆلار (15٪) |
| نیشتەجێ کردن و پەناگە | 16,5 ملیۆن دۆلار (44٪) |
| پاراستن/مافی مرۆڤ/ سالاری یاسا | 14,2 ملیۆن دۆلار (55٪) |
| کەرتی تا ئێستا دیاری نەکراو (لەوانە ERF) | 10,6 ملیۆن دۆلار (53٪) |
| ئاو و ئاوەڕۆکان | 5 ملیۆن دۆلار (24٪) |

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی عێراق CAP 2008، تکایە سەردانی ئەم سایتەبکە:
http://ocha.unog.ch/fts2/pageloader aspx?page=emerg-emergencyDetails&appealID=808

بۆ بینینی باری نیو ساڵی پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی عیراق (حوزەیران 2008) تکایە سەردانی ئەم سایتە بکە:
http://ochaonline.un.org/humanitarian appeal/webpage.asp?MenuID=11179&Page=1672

### پەراوێزەکان

1- هەڵسەنگاندنی‌پێداویستیە دەستبەجێکانی IOM، 1ی ئەیلول، ڕاپۆرتی مانگانەی 2008، لاپەرە 6
2- هەڵسەنگاندنی‌پێداویستیە دەستبەجێکانی IOM، 1ی ئەیلول، ڕاپۆرتی مانگانەی 2008

### زانیاری پەیوەندی کردن

کولیە محمد، بەرپرسی پاراستن، پەیوەندی وهاوبەشی کردن
لینـا سوناع، خالی پەیوەندی بەخشینی ڕێکخراوە ناحکومیەکان